**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان**

**ژمارە: ١٢٥ لە ٢٠٢١/٥/٥**

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١

## ڕێنمایی تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان

پشت بەست بەماددەی (بیست و سێیەم) لە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم ڕێنماییە خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی (١):**

پێویستە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بەپێی پلانی ساڵانە دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە ماددەی (چوارەم) لە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، هەڵبستن بە دابینکردنی زەوی پێویست لە موڵکی تەواوی خۆیان بە ڕووبەر و بەکارهێنانی گونجاو بۆ دەستەی وەبەرهێنان بۆ مەبەستی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە پێی نەخشەی وەبەرهێنان و سێکتەر و جۆری بەکارهێنانی پڕۆژەکان لەماوەی (٣٠) سی تاکو (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢):**

ئەو زەویانەی تەرخان دەکرێت بەپێی ماددەی(١) لەم ڕێنماییە پێویستە وێنەی تۆماری سەربەخۆیان هەبێت و کێشەی خاوەنداریەتی یان مافی ڕەفتارکردن و کێشەی یاسایی لەسەر نەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی تەرخانکردنی زەوی تایبەتمەندی پڕۆژە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** ئەو زەویانەی کە لەلایەن وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان دیاریکراون و دەکەونە ناو ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکان پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان ڕای پلانسازی لەسەر بدرێت.

**دووەم:** ئەو زەویانەی دەکەونە ناو محرەماتی ماستەر پلان کە لە ئایندە بۆ مەبەستی فراوانکردنی ماستەرپلانی شارەکان داندراون، لەکاتی تەرخانکردنیان پێویستە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ڕای پلانسازی لەسەربدرێت.

**سێیەم:** ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی ماستەرپلانی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

١- زەوی کشتوکاڵی بۆ مەبەستی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تەرخان دەکرێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ، وە لەکاتی دابین کردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ هەر سێکتەر و پڕۆژەیەکی تر پێویستی بەڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان دەبێت .

٢- ئەو وەبەرهێــنەرەی کە مــافی ڕەفتــارکردنی هەیە (خــاوەن زەویە یــاخوت گرێبەســتی زەوی کشــتوکاڵی هەیە) لەســەر زەویەکە هــیچ قەرەبــویەک نــایگرێتەوە ئەگەر هــاتوو زەویەکەی بــۆ تەرخانکرا بۆ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان.

٣-لەکاتی تەرخانی زەوی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ قەرەبووکردنی زەوییەکە، ئەولەوییەت دەدرێـتە ئەو وەبەرهێـنەرەی کە قەرەبـووەکە لە ئەسـتۆی خـۆی دەگرێـت دوای ئەوەی هەمـوو ڕێکارەکـانی ڕەزامەندی پڕۆژەکەی پەسەند کرابێت.

**ماددەی (٤):**

دەستەی وەبەرهێنان پاش دەستنیشـانکردنی زەویەکە کـاری پێویسـت ئەنجـام دەدات بـۆ پڕۆمۆشـن (ترويج) کردن بۆ ئەو پـڕۆژانەی کە مەبەسـتە زەویـان بـۆ ئامـادە بکرێـت بـۆ مەبەسـتی هەڵبژاردنـی باشترین وەبەرهێنەر بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

**ماددەی (٥):**

دوای ئەوەی ڕێکاری تەرخانکردن و دەستنیشانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکان گشت قۆناغەکان بەپێ یاسا و ڕێنماییەکان دەبڕێت ومۆڵەتی وەبەرهێنان دەبەخشرێت بە پڕۆژەکە وەك پڕۆژەیەکـی وەبەرهێنـان زەوی تەرخانکراو تۆمار دەکرێت بە ناوی دەستەی وەبەرهێنان.

**ماددەی (٦):**

دەبێــت ڕووبەری تەرخــانکراوی پێویســت بــۆ پڕۆژەکــان بەپێــی ئەو ڕێنماییــانە بێــت کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێـت سـەبارەت بە ڕووبەری پێویسـت بـۆ هەر پـڕۆژەیەك بە گوێرەی ستانداردی کار پێکراو بێت و پێویستە گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ڕووبەر بۆ پڕۆژەکان نوێ بکەنەوە دەستبەجێ دوای جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٧):**کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**مـاددەی (٨):** پێویسـتە دەسـتەی وەبەرهێنـان و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم ڕێنمـاییە جێبەجێ بکەن.

**مـاددەی (٩):**تەواوی داهــاتی وەرگیــراو بە پێــی حوکمەکــانی ئەم ڕێنمــایە لە سـندوقێکی تــایبەت دادەنرێت، کەلەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیارێك ڕێکدەخرێت.

**مـاددەی (١٠):**ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسرور بـارزانـی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی بـاڵای وەبەرهێنان**